وەزارەتی دارایی عێراق بڕی 950 ملیار دینار بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم خەرجکرد

بڕی 950 ملیار دینار بۆ مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم خەرجکرا.

پێشەوا هەورامانی، وتەبێژی حکومەتی ماوە بەدرێژکراوی هەرێمی کوردستان دەڵێت: وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵی عێراق بڕی 958 ملیار دیناری خستەسەر حسابی وەزارەتی دارایی هەرێم.

وتەبێژی حکومەتی ماوە بەدرێژکراوی هەرێمی کوردستان رایگەیاندوو، وەزارەتی دارایی عێراق بڕی (958,012,332,759) ملیار دیناری خستەسەر حسابی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ز لەزووترین کاتدا وەزارەتی دارایی دەست بە دابەشکردنی مووچەی مانگی یەک دەکات.

لەکاتێکدا سەرەتای تێپەڕبوونی دوو مانگ، مووچەی مانگی 12ـی ساڵی 2024 دابەشنەکراوە و وتەبێژی حکومەتی ماوە بەدرێژکراوی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە دابەشنەکردنی مووچەی مانگی 12ـی نەداوە، بەمەش مووچەی مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان بۆ مانگی 12ـی 2024 پاشکەوت دەبێتەوە.